زنجیرا وەشانێن بنگەهێ لالش ژمارە (10)

# ئێزیدییەکان

## لە ناو تابلۆی رۆژهەلاتناسەکاندا

ئەلبووم



د.فەرهاد پیربال

زنجيرا وەشانێن بنگەهێ لالش ژمارە (١٠ )

# ئێزیدییەکان

# لە ناو تابلۆی رۆژهەلاتناسەکاندا

ئەلبووم

د. فەرهاد پیربال

زنجيرا وەشانێن بنگەهێ لالش ژمارە (١٠ )

ناڤێ دانەری: د.فەرهاد پیربالٚ

ناڤێ پەرتۆکێ: ئێزیدییەکان لە ناو تابلۆی رۆژهەلٚاتناسەکاندا

دیزاین: قادر سلیم شمۆ

ژمارا سپاردنێ: (٢٥٧٧)

ژمارا دانا: (٧٥٠)

جه وچاپخانه: دهۆك، چاپخانا هاوار، ٢٠١١

## پەیڤەك د دەرهەقا پەرتۆکێدا

ژ ئارمانجێن سەرەکیێن دامەزراندنا بنگەهێ لالش ناسینا ئێزدیا وناساندنا وان ب خەلکێ دەردور وجیهانێ، یەك ژ رێکێن رەوان بوگەهشتنا ڤێ ئارمانجێ گێراناڤیستەڤالێن رۆشەنبیری ومێڤانکرنا کەسایەتیێن ئەکادیمی وپسپۆر تاکو کور وسمینارا ل ڤي بواری پێش کێش بکەن ول دووڤدا چابکرنا سمینارێن وان دگوڤارا لالش دا.

ل ڤیستە ڤالا روشەنبیری بنگەهێ لالش لسالا ٢٠١٠ دیسان مە چەند ئەکادیمی وپسپورێن ئێزدیناس مێڤانکرن ژ وان د.فرهاد پیر بال کو مە ل بنگەهێ لالش های ژ کەد وهنەرا وی هەیە چەند خو ماندوکرییە نامخانە ومۆزەخانەیێن ئەورویی گەریایە وهەر چی فۆتۆ وتابلۆ دەربارەی کوردا ودناڤ واند کوردێن ئێزدی دیتنە کوپی کرینە وهنەك ژی ل بەرنامێن تلەفزیونێن کوردی دا پێش کێش کرینە کو لایەنەکی گرنگی ئەتنوگرافیا کوردا د دووسەد سالێن بوری دا دئیختە روو لەو مە ژی ب فەر زانی د.فرهاد پیربال

بخوونه (مێڤان کەینە) ڤیستەڤالا لالش وپاشی ب راوێژکاری دگەل جەنابێ وی ڤێ ئەلبومێ وی دقەوارێ کتێبەکا سەربەخودا ل زنجیرا وەشانێن لالش چاپ بکەین راستە قەدرەك ژ ڤان فوتۆ وتابلۆیا دچەند کتێبێن ل سەر ئێزدیا هاتینە نڤیساندن وبەلاڤ بووینە لێ هەموو ب سەر ئێکڤە نە هاتینە چاپکرنە وب دیتنا مە لایەنەکی فەری ئەتنوگرافیا کوردێن ئێزدی دڤی دوو سەد سالێن بوری دا دئێختە روو.

| | |
|---|---|
| **شێخ شامۆ** | **پیرخدر سلێمان** |
| **سەروکێ دەستەیا بلندا بنگەهێ لالش** | **خودانێ ئیمتیازێ گوڤارا لالش** |

# ل جیاتی پێشەکی

ئەم ئەلبوومی بەردەست بریتیە لە کۆمەڵێك نیگارو گراڤوور Gravure کە ڕۆژهەلاٚتناس و کوردناسەکانی ئەورووپا لە ماوەی سالاٚنی (١٧٠٠-١٩٠٠) لە ناو کتێبەکانی خۆیاندا لە بارەی ئێزیدییەکان کێشاویانە.

ئەم تابلۆو هێلکارییانە ، جگە لە بایەخی هونەرییان ، بایەخێکی ئەتنۆگرافی و مێژوویی و نەتەوەیی گرنگیان بۆ کوردستان و بۆ تۆژینەوەکانی ئێزیدیناسی هەیە . وابزانم ئەمە یەکەم جارە ئەلبوومێکی لەم شێوەیەی تایبەت دەکەوێتە بەردەستی خوێنەران . هیوا دارم بۆ تۆژەرو مێژوونووسان، هەروەها بۆ هونەرمەندانی بەستێنی سینەما و شانۆ و ئەوانەی ڕیپۆرتاژ لەم بارەوە ساز دەکەن بەسوود بێت!

جگە لە ڕۆژهەلاٚتناسە ئەوروپاییەکان ژمارەیەکی زۆر بە گەڕیدە موسڵمانەکانیش ( وەك ئیبن بەتووتە و ئیبن خەلدوون و زۆری تریش لە سەدەکانی ناوەڕاستدا ) باسی

ئێزیدییەکانیان کردووە . بەڵام جگە لە ئەورووپاییەکان هیچ یەکێك لە گەڕیدە موسڵمانەکان وێنە و نیگاریان لەبارەی ئێزیدییەکان بۆمان جێ نەهێشتووە . بۆیە ئەم وێنە و نیگارانەی لێرەدا پێشچاوخراون هەموویان یادگاری گەڕاڵە ڕۆا ئاواییەکانن .

خوێندنەوە و تێخوێندنەوەی ئەم تابلۆیانە ، لەڕووی میعمار (ئارشیتێکتوور) و ئەتنۆگرافی ومێژوویی و کۆمەڵناسییەوە ، تەنانەت لەڕووی موزیکشناسی و هونەری نیگار و مێژووی شێوەکاریشەوە لە کوردستاندا لەلایەن هونەرمەند و مێژوونووس و ناوەندە ئەکادیمییەکان و سەنتەرەکانی توژینەوەی زانستییەوە ، بە ئەرك و ئەمەکێکی گرنگ دەژمێردرێت چونکە ئەم کەلەپوورە – کە پێویست وابوو لە مۆزەخانەیەکی تایبەت دابندرێت – دوواڕوژی وڵات و نەتەوەکەمان دەوڵەمەندتر و ڕەنگینتر دەکا .

## کورتەیەکی مێژوویی ..

بەرای ژیرار شالیان ، یەکەمین جوگرافیاناسی ئەورووپی کە هاتبێتە کوردستان و باسی ئێزیدییەکانی کردبێت ، جوولەکەیەکی ئیسپانی بوو بەناوی بنیامێن دو توودێل B.DE.TUDELE کە لەماوەی ساڵانی ١١٦٣-١١٧٣ دا لە ڕۆژهەڵات ماوەتەوە و سەفەرنامەکەی خۆی بە ناونیشانی (Sefer ha- Masaot Shel Rabbi Benjamin) نووسیوەتەوە .

بنیامێن دو توودێل خەڵکی توودێل ی باکووری ئیسپانیا بووە ، کاتێ دەگاتە مێزۆپۆتامیا دەبینێ جەنگێك لە نێوان خاچپەرستەکان و ئیسلامدا هەیە ، جوولەکەکانیش لە فەلەستینەوە ، ماڵوێران ، غار دەدەنە وەلاتی مێزۆپۆتامیای ژێر فەرمانڕەوای سەلجووقییەکان .

بنیامێن دو توودێل ئەوەمان بۆ باس دەکات کە لەو سەردەمەدا بزووتنەوەیەکی سیاسیی جوولەکە لە ئازادا هەبووە ، بەڕێبەرایەتیی جوولەکەیەکی کوردستان بەناوی

داڤید ئەلرۆی David Alroy (کەلە پایتەختی میرنشینی بادینـان ، لـە شاری ئامێدی لـەدایکبووە ) . داڤید ئـەلرۆی David Alroy شـاری ئامێـدیی کردبـووە پێگـەی ئـەم بزووتنەوەیـەی خـۆی و پەیوەنـدیی زۆر پتەویـشی لەگـەڵ کوردەکاندا هـەبوو ، تەنانـەت چـەکدارە کـوردە ئێزیدییـەکان پشتیوانیشیان دەکرد .

کەواتـە ، بنیـامێن دو توودێـل B.DE.TUDELE لەوانەیـە یەکەمین گەڕیدەی ئەورووپایی بێت باسی لـە ئێزیدییـەکان کردبێ!

مـاوەی گەشـتەکەی مـارکۆ پۆلـۆی ئیتـاڵی ، لـە سـاڵانی ژیانی شێخ عدی (١٠٧٣-١١٦٣) بوو .

دووەم کەسێك لە ئەورووپاییەکان کە زانیارییان لە بارەی ئێزدیەکانەوە بە دەستەوە دابێت ، گەڕێدەیەکی ئیتاڵییە بە نـاوی Michel Febvro کـە لـە کتێبـی Teatro della Turchia کـە سـالی ١٦٨١ لـە میلانـۆ بـە زمـانی ئیتالیـایی چاپکراوە و ساڵێ دواتر لە لایەن نووسەر خۆیەوە تەرجەمەی

فرەنسی کراوە و لە پاریس بڵاوکراوەتەوە لە لاپەڕەکانی ٢٥٢ تا ٢٦٩ چەند زانیاری و ڕاگەیاندنێکی سەرەتایی لە بارەی ئێزیدیەکان بە دەستەوە، دەدات وەك " شەر پەرست " باسیان دەکات . د. نەجاتی عبداللە لە بیبلیۆگرافیا فەرەنسییەکەیدا دەڵێ : Michel Febvre لەم کتێبەی خۆیدا نکوڵی لەوە دەکات ئیزیدیەکان هیچ کتێبێکی ئاینیان هەبێت . ناونیشانی کتێبەکەی ئەمەیە :

Michel Febvre , Theatre de la Turquit ditalien en Français – :par son auteur le sir Michel Febvre , Paris, 1682, p,252-269.

لەماوەی ساڵانی ١٨٠٧ تا ١٨٠٩ ، دوپری A.DUPRE سەفەرێکی بەرەو کوردستان کردووە ، یاداشتنامەکانی ئەم سەفەرەی خۆی لە کتێبیکدا بە ناونیشانی Voy-age en Perse لە پاریس لە ساڵی ١٨١٩ بڵاوکردۆتەوە . لە بەرگی یەکەمدا لە لاپەڕە ٨٩-٩٨ باسی تۆپۆگرافیا و مێژووی کوردستان Curdistan دەکات ، لە لاپەڕە ١٠٣-١٠٩ باسی ئێزیدییەکان دەکات ، لە بەرگی دووەمدا لە لاپەڕە ٢٧٥-

٢٧٦ . ٤٦٤ – ٤٦٥ باســـی کــــورد Curde دەکــــات , دوو نەخشەیشی لە بارەی کوردستان تێدایە .

رابی داڤید Rabbi David D Beth Hillel ( لە ١٨٤٦ لە کەلکەتا مردووە ) خەلکیّ لیّتوانیایە ، لە ١٨٢٤ سەفەرێکی بەرەو کوردستان کردووە و لە ١٨٣٢ لە شاری مەدراس Madras لە هیندستان سەفەرنامەکەی خۆی بە ناونیشانی The Travels of Rabbi David D Beth Hille from Jerusalem Throgh Arabia , Koordistan to Madras چاپکردووە و تێدا باسی سەرتاپای دین و دینزاکانی هەموو کوردستان دەکات ، بەتایبەت ئەهلی حەق و جوولەکە و ئێزیدی . هەروەها ئاماژە بەوە دەدات کە سیناگۆگەکانی دیاربەکر دەسنووسی هەشت ساڵ پێشتریان لەلابووە .

لەناو رۆژهەلاّتناسەکاندا ( ئەلفرێد ژاکوب ) کە لە چارەگی دووەمی سەدەی نۆزدەهەمدا سەفەرێکی دوورودرێژی بە کیشوەری ئەفریقیا وئاسیادا کردووە : لەو

سەفەرەیدا سەری لە کوردستانیش داوە و یاداشتەکانی خۆی لەکتێبێکدا بە ناونیشانی Voyages en Asia en Afriqne لە ساڵی ١٨٥٣ دا لە پاریس چاپ کردووە . ئێمە لێرەدا تەنیا بەشێکی کەم ، واتە پوختەی بیروڕاکانی لەبارەی گەلی کوردەوە دەخەینە پێش چاو . لە لاپەڕە ٢٩٢ دا لە باسی ئێزیدییەکاندا دەڵێ :

(( ئەرمینیا جگە لە خەڵکی تورك و دووڕەگ ، ژمارەیەکی سەرنجڕاکێش لە یەزیدیەکانیش تێدا دەژی ، یەزیدیەکان ئەو کۆمەڵە خەڵکەن Peuplades کە لە سەرتاپای مێزوپۆتامیای کۆندا دەژین هەروەها لە سوریا ، لە هەلەبەوە تا بەسرە ، لە موسڵ لە تەورێز لە یریڤان )) .(( ئەم کۆمەڵە کە بەشێکیان ڕەوەند و جەڵەبدران بەشەکەکی دیکەشیان نیشتەجێن ، ئاینێکی تایبەتیان هەیە کە لە هەندێ ڕووەوە لە ئایینی مەسیحی دەچێ ، هەر سەبارەت بەمەشە کە موسڵمانەکان بە نەفرەت لێکراو لە قەڵەمیان دەدەن )).

ئەم یەزیدیانە ڕقی دنیایان لە دینی محەمەدە . تورکەکان چەند هەولیان لە گەلیان دا کە بیانکەنە موسلمان و بیانخەنە ژێر رکێفی خۆیانەوە، نەیانتوانی. ئەمەش لە ئاکامدا شەڕوشۆڕێکی خوێناویی بەدوودا هات ، چونکە ئێزیدیەکان ، کە خەلکێکی جەنگاوەر و کۆچەرن، هەمیشە توانای ئەوەیان هەیە دوژمنەکانی خۆیان تەفروتونا بکەن ، ڕاوەدوویان بنێن و شپرزەیان بکەن، پاشانیش بۆ خۆیان لە شوێنیکی دیکەدا سەر هەلبدەنەوە )).(( M.Texir لە شاری ئەرزەڕۆمدا ئەفسانەیەکی سەرنجراکێش ئێزیدییەکانی تۆمار کردبوو، ئەم ئەفسانەیە زۆر بە جوانی ئەم کۆنە ڕقەی یەزیدیەکان لەهەمبەر دوژمنەکانیان روون دەکاتەوە )).

نووسەر لە وەسپکردنی دەوروبەری شاری ئەرزەڕۆمدا. واتە ئەو شوێنانەی کە ئێزیدییەکان تێدا دەژین لە لاپەڕە ١٩٢ دا دەڵێ :

(( لەم ناوەدا کەلاوەیەك هەیە بەناوی قەڵای مووروگۆ ، خەڵك دەڵێن کە ئەم موورگۆیە سەرکردەیەکی یەزیدی ئاگرپەرست بووە ، وەختی خۆی ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکە چیاییەکانی لەدەوری خۆی کۆکردۆتەوە و رووبەرووی سوڵتان موارادی عوسمانی بۆتەوە، سوڵتان موارادیش لەودەمەدا چووبو بەغدا داگیر بکات . لەشکری مۆرگۆ دوای ئەوەی دەگاتە ناوچەیەك بەناوی دەربەند کە لەشکەری تورکە موسڵمانەکان خۆیان لەوێدا حەشاردبوو ، دەبێتە جەنگێکی بێ ئامان ، یەزیدیەکان لەوێدا لە سەر چیاکانەوە بەرد بەسەر تورکە موسڵمانەکاندا گلۆر دەکەنەوە و هەموویان تەفروتونادەکەن )).

(( موورگۆ جەنگاوەرێکی هەتا بڵێی قۆز بوو ، بەرێکپوشی و بە جلوبەرگی چنراوی جوانەوە نەبوایە هەرگیز بەرێدا نەدەرۆیی ، هەمیشە کلاوێکی بە مرواری چن ، درەوشاوەی لەسەردەنا ، کۆمەڵێك چەکی لە خۆی دەبەست ، ئەم

هەمووچەکە ، مەگەر تەنێ ئەو بۆخۆی بیتوانیبا هەڵیان بگرێ )).

ئەوەش لەبیر نەکەین کە هەر لە سەدەی نۆزدەهەمدا شاعیری مەزنی ڕووسیا ، ئەلکزەاندەر پووشکین چووە ئەرزەڕۆم و باسی کوردە ئێزیدییەکانی کردووە.

لەوانەیە لە ناو ڕۆژهەلاٌتناسە ئینگلیزەکانیشدا ، هێنری لایارد Austen Henry Layard ناوداترین ئەو کوردناسانە بێت کە زۆر زۆر باسی ئیزیدییەکانی کردووە .

هێنری لایارد : نەینەوا و کەلاوەکانی ، لەگەڵ سەربوورەدەی سەفەرێك بۆ لای مەسیحییە کلدانییەکانی کوردستان و ئێزیدییەکان یان شەیتان پەرستەکان . هێنری ئۆستن لایارد یەکێك لە دامەزرایٔنەرانی ئارکیۆلۆژیای کۆنی ڕۆژهەلاٌتی ناوەڕاستە . لە تەمەنی بیست و دووساڵی لەندەن بەجێدەهێلێ بەو هێوایەی بتوانێ لە دەرەوەی ولاٌت سەرمایەك پێکەوە بنێ و سەفەری ئیمپراتۆریای عوسمانی دەکات وساڵی ١٨٤٠ لە مووسڵ ناسیاوی لەگەڵ

ئاركیۆلۆژیستی فرەنسی بۆتا پەیدا دەكات كە لە مووسل خەریكی هەڵكەندنی ئاكێولوژی بووە . لایارد دوای ئەم سەفەری مووسڵ دەگەڕێتەوە بۆ كۆنستانتینۆپل و لە ساڵانی ١٨٤٢ تا ١٨٤٥ لەوێ دەمێنێتەوە وەكوو كارداری نا ڕەسمیی لە بالوێزخانەی ئەنگلستان لە لاي بابیعالی كاردەكات و لە ئۆكتۆبەری ١٨٤٥ بۆ یارمەتی بالوێزخانە بۆ كاری هەڵكۆلێنی ئاركیولۆژی دەگەڕێتەوە مووسڵ و لە نەمرود جێگیر دەبێ و تا ساڵێ ١٨٤٧ خەریكی كاری ئاركیۆلۆژی دەبێت . هاوینی ساڵی ١٨٤٦ بۆ خۆوەدوورگرتن لەتاو گڕەی گەرمای هاوین كارەكانی دەوستێنێ و لە ڕێگەی عەین سفنی بەناو ئێزدییەكان دەچێتە ئامێدی وتا نزیك جولەمێرگ ( هەكاری ) دەڕوات و لەوێوەوە فەسڵی حەوتەمی كتێبەكەی بۆ قوتلۆعامی ئاسووریەكان تەرخان دەكات كە ڕووداوەكە هێشتا هەر تازە بوو. ئەم كتێبەكەی بۆ قەتلۆعامی ئاسووریەكان تەرخان دەكات كە ڕووداوەكە هێشتا هەر تازە بوو. ئەم كتێبەی لایارد هەر تەنها

سەفەرنامەی هەڵکەندنی ئارکیۆلۆژی نییە لە مۆسڵ و دوەروبەری ، بەڵکو سەفەرنامەیەکی مێژویی زیندووی سەردەمی خۆشیەتی و مێژوی کوردستان بەشی شێری بەرکەوتووە . فەسڵەکانی (٤-٩) تەرخانی مێژووی کوردستان دەورانی لایارد کراون . بەم شێوەیە لە فەسڵەکانی (٤-٦) بایەخێکی زۆری بە ئێزدییەکان داوە و چۆتە ناویان و لە نزیکەوە دۆستایەتی لەگەڵ شێخەکانیان پەیدا کردووە . بەهەمان شێوە لە فەسڵی حەوتەمی کتێبەکە بایەخێکی زۆری بە قەتڵوعامی ئاسووریەکانی هەکاری ١٨٤٣ داوە و لە فەسڵی هەشتەم باسێکی کورتی مێژووی مەسیحییەکانی کوردستان دەگێڕێتەوە . هەرچی فەسڵی نۆیەمە دیسان دەگەڕێتەوە سەر باسکردنی سەفەری خۆی بۆ ناو ئێزیدییەکان و باسی ژیان . ڕێکخستنی ئایینی و کۆمەلایەتی و داب و نەریتی ئێزیدییەکان دەکات و چەندین وێنەی مێژوویی بەدەستەوە

دەکـات و وێنەیـەکی ڕوونـی دوادوایيەکـەی نيـوەی يەکـەمی ئێزيدييەکان باسدەکات .

Austen Henry Layard . Nineveh and its remains : with an account of a visit to the chald?an Christians of Kurdistan and the Yezidis , or dev – il – worshippers : and an inquiry into the manners and arts of the ancient Assyrians . London : John Murray. (2nd ed ). 1849.2V(VOL I , XXX,399 p) ,( VOL II,XII,495 p ) ..

# بایەخی ئێزیدیاتی

بایەخی ئێزیدی وکولتووری ئێزیدییەکان ، جگە لە ئاستی مرۆڤانە و مرۆڤایەتیی ئەم گرووپە دینیە کە زۆربەی جار بەدەست دوژمنانی کوردەوە ، چەوسێندارونەتەوە ، ئەمانەن:

هەموو نەوەیەك لەوەی پێش خۆی جیاوازە .

کتێبی جیلوە : بەشی یەکەم .

١-ئەلفابێ نووسین .

ماری کەرملی لە ساڵی ١٩١١ لە گۆڤاری Anthropos لە ڤیەننا هەر دوو کتێبەکەیانی ، بە ئەلفابێ تایبەتیەکەیانەوە بلاٌوکردۆتەوە :

- کتێبی جیلوە ، مسیۆنیری ئەمریکی ئەندریووز (لە ئینسیکلۆپیدیای مسیۆنی ئەمریکیدا چاپی ساڵی ١٨٩١ ) دەڵێ کە لە ساڵی ١١٦٣ نووسراوە .

- کتێبی (مەسحفا ڕەش) مسیۆنێری ئەمریکی ئەندریووز دەڵێ کە لە ١٣٤٣ نووسراوە .

Rev.A.N.Andrus,"The yezidees " In : Encyclopaedia of Missions , New Yourk,1891,vol 2 ,pp.526-8.

ڤیچڤسکی دەڵێ کە هەردووکیان لە سەدەی ١٧ مدا نووسراون ، هەندێکیش دەڵێن کە لە سەدەی ١٩ مدا .

هەر دوو کتێب بە یەك جۆر ئەلفابیێ تایبەت نووسراون . هەردووکیان دیار نین کێ نووسیونی. کوردۆییڤ دەڵێ شێخ ئادیێ ( دەوروبەری ١٠٧٥-١١٦٠ ) لە هەکاری نووسیونی .

ئەنستاس ماریی کەرمەلیی : " دۆزینەوەیێکی تازەی دوو کتێبی پیرۆزی ئێزیدییەکان " . ئەم وتارە تێکستی ئەسڵیی کوردیی هەردوو کتێبی جیلوە و مەسحەفا ڕەش –ە بە ئەلفبێ ی تایبەتی کوردی تێدا بلاوکراوەتەوە . ئەنستانس ماری کەرمەلی بۆ یەکەمجار وەرگێڕانی فرنسی هەردوو کتێبی جیلوە و مەسحەفا ڕەش لەگەڵ تێکستی ئەسڵی هەردوو کتێبەکە بە ئەلفبێ ی تایبەتی کوردی ئێزیدیان

بڵاوکـردەوە و کۆمـەڵێك زانیـاری تازەشـی خـستنە ڕوو. بـەو گـوێرەی زانیاریـەکانی ئەنـستاس مـاری کەرمـەلی کـە لـە ڕێگـەی حـەبیب نـاوێکی خـوازراو و کۆنـە کتێبخانـەوانی ئێزیدییـەکان کـە لـە ئـایینی ئێزیـدی هەڵگـەڕابۆوە و بـووە مەسیحی ، گوایە کتێبەکانی ئەو هێندە بە نهێنی هەڵگیراون کە ئەستەمە بزانرێ لە کوێن . کتێبە کان لەگەڵ کۆمەڵێك کتێبی دیکە بەزمانی جیا جیا لـە نـاو سندوقێکی شـاراوە لـە نـاو ئەشکەوتێکی چیای شەنگال دا شـاردراونەتەوە و تـەنها سـێ کـەس کلیلـی سـندوقی ئـەو کتێبخانـەیان لابـووە کـە ئـــەوانیش: ســـەرۆکی ئـــایینی، ســـەرۆکی دونیـــایی و کتێبخانـەوانن. کتێبخانـەوان ئـەرکی ئـەوەی پێـسپێردراوە هەر شـەش مـانگ جارێك کتێبـەکان بۆ ماوەیێك بخاتـە بـەر خۆر. بەقسەی ناوبراو ئەم کتێبانـە زۆر کـۆنن و هی دەورانـی یەکـەمی مەسـیحیەکانن . دوایـی ئەنـستانس مـاری خـوا کـاری ڕاسـت بکـات توانیویـە یـەکێك لـە کتێبخانەوانـەکان کـە نـاوی حـەمۆ بـووە بـە پارەیـەکی زۆر ڕازی بکـات تـا

کۆپێـەکی کـت ومتـی هـەردوو کتێبەکـە وەدەسـت بخـات و

دواتــر لــە گـۆواری ئــانترۆپۆس – An throps ســاڵی ١٩١١

لەگـەڵ وەرگێڕانــە فرانـسییەکە هــەردوو تێکـستە کوردییــە

ئەســلیەکەی کتێبـــی جیلـــوە و مەســـحەفا رەش - یـــشی

بلاوکردۆتــەوە و بــەم کارەشــی گەنجینەیــەکی بــەهاداری بــۆ

ئێمە پاراست .

La decouverte recente des deux livres sa – " Anastase- Marie O.Carm., In Anthropos, t. VI* 1.Janv-Fevr.1911,p.1-."cres des Yezidis 39.

Lsya Josoph , "Yezidi Textes " . The American Journal of Semitic Lan – gauges and Literatures , 1908-1909/XXV,pp.111-156,218-254.

عیسا جۆزیـف ." تێکـستە ئێزیدییـەکان " سـاڵی ١٩٠٩ دا لـە

وتـارێکی دوور و درێژدا بۆ یەکـەمجار تێکـستی هـەردوو کتێبـی

ئـاینی ئێزیدیەکان بە عەرەبی لەگەڵ چەند پاشکۆیەك کـە

بریتبـوون لـە حەکایـەتێك لـە بـارەی کۆچك وستایـشی شـێخ

ئـادیّ و بڕێـك بابـەتی دیکـە کـە لـە موسـل لـە دەستنووسـێك

سـاڵی ١٨٩٨ لـە لایـەن داود الـصایغ – وە بەردەستیخـستبوو

بــه شـــەرح و وەرگێرانـــی ئینگلیزیيـــەوە بلاوێكـــردەوە .

بلاوكردنـەوەی تێكسـتی كتێبی جیلـوە و مەصحـەفا ڕەش بـە زمانی عەرەبی بۆ یەكەمجار لەم وتارەدا بلاوكراوەتەوە.

ڕوژهەلاتنـاسێكی دیكـه بـه نـاوی ئۆ. هـ . پـاری : شـەش مـانگ لە دێری ئاسوورییەكاندا .

ئۆ. هـ. پـاری سـالی ١٨٩٢ وەختـایەك موسڵ بەجێدەهێلێ تا بگەڕێتەوە ماردین ، كتێبیكی دەستنووسی چكۆلە لەگەڵ خـــۆی دەهێنـــێ كـــه ســـكالانامەكەی ســـالا ١٨٧٢ ی ئێزیدییەكان بۆ بابیعالی و هـەردوو تێكستی عـەرەبی كتێبی جیلوە و مەسحەفا رەشی تێدا بووە كه دواتر سالی ١٨٩٥ بۆ یەكـــەم جـــار E.G.Browne ڕووی دەستنووســـی نـــاوبراو هـــەردوو تێكـسـتی كتێبـی جیلـــوە ومەســحەفا ڕەشـی لــه پاشـكۆی كتێبەكـەی مـسیۆنێری ئینگلیـزی Parry.O.H بـه وەرگێرانـــی ئینگلیـــزی و لێكدانـــەوە بلاوكـــردەوە ( لا:٣٥٧- ٣٨٧ ) شـایانی باسـه هـەر هـەمان ئـەم دەستنووسـه شـوباتی ســـالی ١٨٩٤ بـــه ٣٠ فرەنـــك دەفرۆشـــرێته كتێبخانـــەی

نیشتمانی له پاریس و ئێستە ئەم دەستنووسە بە کۆدی
BNF.MS.324هەمان کتێبانەی ناوبراو پارێزراوە .

O.H.Parry, Six months in a Syrian monastery, being the record of a visit to the head quarters of the Syrian church in Mesopotamia : with some account of the Yazidis or devil worshippers of mosul and El Jil – wah ,their sacred book , London , H. Cox , 1895, (XVIII,400).Chapter XVIII,pp.252-262.

## ٢- دیالێکت :

کریستیان ئالیسۆن : ترادسیۆنی زارەکیی ئێزیدییەکان لە کوردستانی عێراق دا . ئەم کتێبە لە بنەواندا بریتییە لە کارنامەی دوکتۆرای نووسەر کە ساڵی ١٩٩٦ پێشکەش بە زانکۆی سواس کراوە . باسەکە بریتییە لە دوو بەش. بەشی یەکەم تەرخانکراوە بۆ باسێکی گشتی دەربارەی ئێزیدییەکانی باکووری عێراق ( کوردستانی عێراق ) و لە ڕووی تراسیۆنی زارەکی ئێزیدییەکانەوە باسێکی مێژوو ،

پاڵـەوانێتی ، شـەڕو مـردن ، وێنـاکردنی کێـشەکان و تێمـە گـەورەکانی ئـەدەبی زارەکـی ئێزیدییـەکان دەگێڕیتـەوە ( لا : ۳- ۲۱۰ ) . هەرچـی بەشـی دووەمـە بریتییـە لـە تێکـستی کۆمەلێك بەیت و قەواڵی تایبەت بە ئێزیدییەکان و تێکستە کوردییـەکان بـە ترەنکیپـسیۆنی لاتینـی نووسـراونەتەوە و هاوکـات لـە بەرامبـەردا تەرجەمـەی ئینگلیـزی کـراون . تێکستەکان لـە کۆمـەڵێك سەرچـاوەی جیـاوازوەرگـیران : بەشێکیان لـە کتێبی زاروگۆتنـا کوردایـە (۱۹۷۸) و فۆلکۆرا کوردایـــە ســـوریایە (۱۹۸۵) وەرگێـــران (لا:۲۱۳-۲۹۸). پەراوێزەکان ( لا: ۲۸۱-۲۹۱) بیبلۆگرافیا (لا:۲۹۷-۳۰۳) .

Christian Allison , The Yezidi oral tradition in Iraqi Kurdistan ,Lon – dres , Ed . Curzon , Press,2001,(313).

فیلیپ . گ . کریبروك و خەلیل جندی ڕەشۆ ، خوداو شێخ ئـادی کـاملْن : شـیعری پـیرۆز و گێڕانـەوەی ئـایینی لـە ترادســیۆنی ئێزیــدیاتی دا . ئــەم کتێبــە هاوبەشــەی پرۆفیـسۆرێکی ئـەڵمانی و نووسـەرێکی کـوردی ئێزیـدی

بەرهەمێکی نایابی لێکەوتۆتەوە. سەرەتا پێشەکی کتێبەکە دابەش کراوە بۆ سەر (٣) فەسڵی جیا لە فەسڵی یەکەم دا باسی لایەنە کولتووریەکانی کۆمەڵگەی ئێزیدیاتی و تایبەتمەندێتی و ناوەڕۆکی گێڕانەوەکان دەکەن (لا:١٩-٣٩)و هەرچی فەسڵی سێیەمە باسی سترەکتوور، کارو شێوەکانی ترادسیۆنی تێکستەوانی دەکەن و باسەکان تەرخانی مێژووی نووسراو و زارەکی ئێزیدییەکان و تێکستە زارەکییەکان دەکات (لا:٤٠-٥٣). دواتر بەشی سەرەکی کتێبەکە بریتییە لە کۆمەڵێك تێکستی زارەکیی پیرۆزی ئایینی ئێزییدیەکان و هەموو تێکستەکان بە کوردی لاتینی و تەرجەمەی ئینگلیزی لە بەرامبەریدا بڵاوکراونەتەوە (لا:٥٧-٤١٢) . بیبلیۆگرافیا (لا:٤٣٣-٤٣٥).

Philip G. Kreyenbroek & Khalil Jindy Rashow , God and Sheikh- Adi are Perfect: sacred poems and religious narratives from the Yezi- di tradition ,Pub.Iranica:9,2005,(XVII,435).

ف. نــوو، " کەشــکۆڵی تێکــست و بەلگەنامــە دەربــارەی ئێزیدییــەکان " ئــەم کەشــکۆڵە بریتییــە لــە کۆکراوەیــەکی کۆمــەلێك بەلگەنامــە و تێکستی مێـژوویی دەربــارەی ئــایینی ئێزیـــــــدی وەك : ١- پێـــــــشەکەیەکی مێـــــــژوویی ٢-دوو دەسنووسی ئادی موسافیر کـە لـە بـەرلین پـارێزراون یـەکێك لەوانە ئەو هۆنەراوەیە گوایە لـە لایـەن شێخ ئـادی نووسراوە و ئــەوەی دیکــەیان دەسنووســێکە گوایــە ســالێ ١٥٠٩ لـــە دیمەشق نووسراوەتەوە .٣- تێکستی فرەنسی هـەردوو کتێبی پــیرۆزی ئێزیدییــەکان ( جیلــوە و مەصــحەفا رەش )... ٤- دەقــی ئــەو ســکالانامەی کــە لــە لایــەن کۆمیونیتــەی ئێزیدییـەکان سـالی ١٨٧٢ دراوەتـە ئیمپراتۆریـای عوسمـانی بـۆ لیخوشیوونیان لـە خزمـەتی سـەربازی . ٥- تێکستی دوو دەسنووسی ئاسووری کـە یەکـەمیان دەگەڕێتـەوە بۆ سەدەی پانزەهەم دەربارەی شێخ ئادی و بە وەرگێڕانـی فرەنسییەوە . دواجار وەگیراوێکە لە بادجەر، مینـان لە بارەی شێخ ئادی .

Recueil de textes et de documents sur les Yezi – " Nau F & J. Tfinkdji , In Revue de l'Orient Chrétien

۳- دین :

لـــه ســـەردەمـــی ساســـانیەکان (۲۷٤ز) نـــاوی میرێکـــی یەزیـدی هـاتووە . مێـشل شـوڤالیێ دەڵـێ کە لـە سـەدەی ۱۳ یەزیدی ئـایینی زۆربـەی کوردەکـان بووە .لـە بەندی (۲٥) ی ( مەسـحەفا رەش ) هـاتووە : " پـێش هـاتنی عیـسا ، ئـاینی ئێمە ناوی بتپەرستی بوو ، جولەکە و مەسیحی و موسوڵمان هەمیشە دوژمنـی ئێمـە بـوون " لیـۆن کراژوسکی ، " شـەیتان پەرستی : ئێزیدییەکان " جێگری کونسلی فرەنسا لـە موسل ، لیـــۆن کراژوســـکی لـــەنێوان ســـاڵەکانی ۱۹۰۳ تـــا ۱۹۰٦ بایـەخی بـە ئێزیدیـیەکان دەدا و زیـارەتێکی لالـشی کـرد و ئـــەویش گـــوێ بیـــستی ئـــەوە بـــوو کـــە ئێزیدیـــیەکان کتیبخانەیـەکیان لەسـەر چیایی شـەنگاڵ هەیـە و بـەدوایی کتێبخانەکە و زانیاری دەربارەی ئێزیدییەکان وێل بوو :

In mercurede ." ies Yezidis : Le culte de Satan " Leon Krajeewski . Ouvre , 15 November 1932 pp . 87-123.

گوستاڤ رێگلسپێرزێر، " باوەڕی ئالۆزی تایەفەکانی و ڕۆژهەلات : ئێزیدییەکان یان شەیتان پەرستەکان ". سەرەتا باسێکی کورتی فرەئاینی دەکات لە ئاسیایا بچووك و دواتر باسی ئێزیدییەکان دەکات و باسی قەتلوعامی ئێزیدییەکان دەکات بەدەست شێمشێر بەدەستەکانی تورك و دەلێ وەختایەك دەوروبەری سالی ١٨٥٠ ژمارەی ئێزیدییەکان ٢٠٠٠٠٠ کەس بووە کەچی لە کۆتایی سەدەی نوزدەهەم بوون بە ٥٠٠٠٠ کەس . نووسەر پرسیار دەکات " داخۆ ئەم ئێزیدیانە کێن کە حەوت خوداوەند دەپەرستن. دوو خودای بنچینەییان هەیە کە بنچینەی خێر و چاکەن کە لە ئایینی کۆنی ئێرانی زەردەشتییەوە وەرگراوە . دواتر باسێکی ئایین ، بیرو باوەڕ، پێکهاتەی ئایینی ئێزیدیاتی دەکات .

لەباسی ستاتوی١٣يرالای وەیە ژن لای ئێزیدییەکان لەلای موسڵمانەکان ئازادترن . فرە ژنی تەنها بۆ سەرکەکەیان رێگە پێدراوە و ژنەکانیان پەچە ناپوشن و لە ئامادەبوونی بێگانەدا دەتوانن ئامادەبن و لەدواین جاریش باسی ترادسیۆنی ژن خوازی و مارەیی دەکات لای ئێزیدییەکان . :

Croyance mystrerieuse des sects dOrient . Gustave Regelsperger , In Journal des voyages et aven -.Les Yezidis , adorateurs du diable thres de terre et de mer , N* 722 Dimanche , 2 Octobre 1910,p.291-292.

گیوسیپ فورلانی : ئاینی ئێزیدییەکان: تێکستنی ئاینی ئێزیدییەکان. ئەم کتێبە سەرەتا بە ئیتالی نووسراوە دواتر تەرجەمەی ئینگلیزی کراوە . کتێبەکە بریتیتە لە باسێکی رێکخستنەکانی ئاینی ئێزدی و دواتر وەرگێراوی کتێبە پیروزەکان ( مەسحەفا رەش و جیلوە ) بەدەستەوە دەدات چەند تێکستێکی ئاینی ئێزیدییەکان و بەراوردێکیش لەنێوان ئاینی ئێزدی و زەردەشتی دا دەکات .

Giuseppe Furlani , The religion of the Yazidis . religious texts of the Yazdis ?. Translation and notes by Giuseppe , Furlani < translated from Italian with additional notes an an appendix and indiex by jamshedji Maneekji Unvala , Bombay > jamshedji Unva- la , 1940, (V,97 p ).

تۆمـــابوا : ئێزیدیـــەکان چاوپێداخــشانێکی مێــژوویی و سۆسیۆلۆژی بۆ سەر بنچینەی ئاینیـان " باسێکی گشتییە لە بارەی ئێزیدییەکان و دابەشی سەر پیشەکی و چوار بەش کـراوە پێـشەکی (لا:١٠٩-١١٠) . فەسـڵی یەکـەم . گـەڕان بـەدوای ئێزیدییەکانـدا . لـەم فەسـڵەدا باسـی ئـەو گـەڕۆك و گەڕالـە بێگانانـە دەکـات کـە باسـی ئێزیدیـیەکان دەکـەن و هەروەها باسی کتێبە پیرۆزەکـانی ئێزیدیـیەکان دەکـات ( لا: ١١٠-١١٩ ) فەسـڵی دووەم : رێـچکەیەکی هەڵەیـە لـە نێـوان خۆر و خـاچ دا . لەم فەسڵەدا باسی عیبـادەتی کۆنی ئـایینی دەکـات لای بابلیـەکان ، دوالیزمی ئـایینی لای ئێرانییـەکان و بــت پەرســتی لای کوردەکـــان و بنــچینەکانی ئـــایینی مەسـیحایەتی لــە کوردســتان دا (لا:١١٩-١٢٨ ) فەسـڵی

سێیەم : ڕێبازگە نا ڕۆشنەکان لە ڕێگەی ئیسلام دا باسێکی گشتی جیهانی سۆفیگەری و سوفیزمی ئێکستریم لە جیهانی موسڵمانیەتی دا دەکات ( لا:١٢٨-٢٠٦ ). فەسڵی چوارەم : لە ئیسلامەوە بۆ شەیتان . لەم فەسڵەدا باسی تەریقە سۆفیگەرییەکان سۆفییەی دامەزرێنەر، هەوادارانی حەماسگیر، خەباتی ناوەوە و دەرەوە سیاسەت یان سۆفیگەری ؟ (١٢٢٠-١٤١٤) هەروەها باسی شێخ شەمسەددین حەسن (١١٩٧-١٢٤٦) و نرخی خوێناوی فەناتیزمە ئایینی باسدەکات (٢٠٦-٢١٩) دەرئەنجام (لا:٢٢٠)، پەراوێزەکان (لا:٢٢١-٢٤٢) هەروەها وتارەکە تابلۆیەکی ڕەچەڵەکناسی بنەماڵەی ئەمەوییەکان و شێخەکانی ئێزیدیەکانی لەگەڵ دایە .

Essai historique et sociologique sur : Les Yezidis " 535- Thomas Bois,In Al-Machriq ,n*55,1961,p.109-128-1991-" leur origine religieuse 242.

**٤ - مووزیك**

ڕۆژەر لیسكۆ، لێكوڵینەوەیەك لەسەر ئێزیدییەكانی سوریا و چیای شنگاڵ. كتێبەكە بەمشێوەیە دابەشكراوە . پێشەكی (لا:٣-٨) بەشی یەكەم ئایین. لەم بەشەدا كە بۆ (٣) فەسڵ دابەشكراوە . فەسڵی یەكەم . بنچینەكان. باسی بنچینەی ئایینی ئێزیدی ، شێخ ئادی ، جێگرەوەكانی شێخ ئادی دەكات(لا:١٩-٤٤) فەسڵی دووەم : ئێزیدیاتی هاوچەرخ . باسی خوداوەند و فریشتەكان ، تاوس مەلەك ، فریشتە ئایینەكانی دیكە ، كولتوور و پراكتیكی ئایینی دەكات لای ئێزیدییەكان (لا:٤٥-٨٢) . فەسڵی سێیەم: ڕێكخراوە ئایینییەكان . باسی ڕێكخستن و هیراشی ئایینی ئێزیدیاتی دەكات بەمشێوەیە : میر – شێخ – پیر – قەواڵ- فەقی- مجێور وچینە میللەییەكانی دیكە ( لا:١٠١-١٢٨ ). بەشی سێیەم : ئێزیدیاتی بە تایبەت لە سەدەكانی سێزدە و تا حەڤدەهەم (لا:١٠١-١٢٨ ) بەشی سێیەم : ئێزیدییەكانی چیاي شەنگاڵ (لا:١٣١-١٣٣ ). فەسلی

دووەم: دانیشتوانی شەنگالْ (لا:١٣٤-١٣٨) فەسلْی سێیەم : ژیانی ماددی (لا:١٣٩-١٤٧). فەسلْی چوارەم : خێزان (لا:١٤٨-١٥٧) . فەسلْی پێنجەم : رێکخراوە خێلْەکییەکان (لا:١٥٨-١٧١) فەسلْی شەشەم : ژیانی سیاسیی (لا:١٧٢-١٨٩) فەسلْی حەوتەم : تەنگەژەی ١٩٣٥-١٩٣٦ ( لا:١٩٠-١٩٥) بەشی چوارەم ئێزیدییەکانی سوریا ( لا:١٩٩-٢١٧) بەشی پێنجەك : دەرئەنجام (لا:٢٢١-٢٢٢) بەشی شەشەم : پاشکۆ. بریتییە لە (٦) پاشکۆکە کە پێکهاتوون لە کۆمەلێك تیکستی مێژوویی دەسنووس ، ناوی هۆزە ئێزیدییەکانی چیای شەنگالْ، ناوی شێخەکانی سەر بە هۆزەکانی شەنگالْ و هتد . (لا:٢٢٥-٢٦٨). هەروەها کتێبەکە کۆمەلێك نەخشە و وێنەی مێژوویی نایابی لەگەلْ دایە .

Roger Lescot , Enquete sur les Yezidis de Syrie et du Djebel Sindjar," Instiut francais de Damas " , (Memoires de l'Institut francais : Damas ; t.5),1938,(277p).de Damas .

**٥- ئاریشیتیکتوور و وێنە**

کولتووری وێنە بەهێزو فراوانە لای ئێزیدییەکان وەك لە پەرستکاکان و سنووقی کتێبە پیرۆزەکانیشیان دەردەکەوێ.

لە سالی ١٨٣٧ ڕەشید پاشای عوسمانی کاتێ قەتلوعامی ئێزیدییەکانی کرد، چوار پەیکەری هونەریی مەلەك تاوسی لەگەلّ خۆی برد کە لە ئاسن و زێڕ بەشێوەکی ڕەنگین و درەخشان دروستکرابوون.

تۆفیق وەهبی، شوێنەوارەکانی میترانیزم لە هیترا و کوردستانی عێراق وشوێنکاریان لەسەر ئایینی ئێزیدیاتی.

ئەم باسەی زانای گەورەی کورد تۆفیق وەهبی (١٨٩٠-١٨٩٤) لەسەر دۆزینەوەی ئەو هەلکۆلین و شوێنەوارانە بونیاتنراوە کە سالّی ١٩٥٤ لەناوچەکانی ڕۆژئاوای شاری موسلّ دۆزراوەنەتەوە و هەروەها ئەو شوێنەوارانەی کە لە نێوان ڕوباری دیجلە و زنجیرە چیایەکانی زاگرۆس دۆزراوەنتەوە. لەم ڕوانگەیەوە نووسەر بە ئاشکرا کاریگەری پاشماوەکانی میترانیزم لە ناو ئایینی ئێزیدی دەبینێ و ئەو دوویات دەکاتەوە کە دەشێ پێوەندییەکی توند لە نێوان

ئـاينى مێترانـزم و ئێزيـدى دا هـەبێت و بـۆ ئـەم مەبەس

نووسـەر خوێندنەوەيـەكى مێـژوويى بـۆ باسـەكە كـردد

باسى پەرستنەكانى ميترا دەكـات و دواجـار باسـى دەور

ساسـانييەكان دەكـات و پاشـان لێكۆڵينەوەيـەكى ئـاي

بـەراوردەكارى ورد لـە نێـوان هـەردوو ئـايين دەكـا

دوواجـاريش بـە شـوێن بڕێـك لـە شـوێنەوارەكانى ئـاي

ميترانيزم دا دەگەڕێ لە تقوس و وێردى ئـايينى و سومب

ترادسيۆنى ئێزيدييەكان دا .

ufik Wahby , The remnants of Mithraism in ra and Iraqi Kurdi- stan , and its traces in zidism, The Yazidis are not devil- worshippers 62 , London : T.Wahbi,1962,(52p).

بيرگـولْ ئـاچـيكيلدز، كەلـەپوورى ئێزيدييـەك

ئارشـيتيكتۆر و "كوتـولى مـردوو" لـە سـێ بەشـى سـەر

پێكهـاتووە . بەشـى يەكـەم : پێـشكەشكردنێكى گـشتى

بـارەى پەرسـتنى ئێزيدييـەكان (لا:٣٣-٧٢) لـەم بەش

باسـێكى گـشتييە لـە بـارەى ڕێكخـستەكانى ئـايي

پەرستنى ئێزيدييـەكان . بەشى دووەم : كاتـالۆگى شوێن

و كۆتەڵی مردوو (لا:٧٣-٢٠٠) . ئەم بەشە كرۆكی باسەكەی

بەشـــی ســـەرەكی تێزەكەیـــە . لـــەم بەشـــەدا باســـی

شـوێنەوارەكانی كوردسـتانی عێـراق : ناوچـەی شـێخان ،

دهۆك ، بەعشیقە و شەنگاڵ دەكات . پاشان باسی كۆتەڵی

مردوو لە توركیا و كۆماری ئەرمێنیا كراوە . بەشی سییەمی

باسەكە بریتییە لە شیكردنەوەی شوێنەوار و كۆتەڵەكان

(لا:٢٠٠-٢٤٨). دواتـر كۆمـەڵێك تـابلۆ و پاشـكۆی زۆری

لەگەڵە . بیبیلۆگرافیا لا: ٢٨٠-٣١٣ فەرهەنگۆك لا:٣١٤ .

Sculp-" architecture et : Birgul Acikyildiz , Patrimonine des Yezidis - ; au Kurdistan irakien en Turquie et en Armenie " tures funeraires Histoire de : sous la direction de Alastair Northedge . These doctorat vol (638 f). .22..6:Paris 1 :l'art .

ژ. لیرۆی . " شێخ ئـادی پەرستگەی شەیتان پەرستەكان "

باسێكی پەرستگەی لالش دەكات و لـە گەڵیشیدا باسی

گوندەكانی سەر ڕێگە دەكات و دواتر باسی ئەوی دەكات

كـە لـوك ، دوای لایـارد ، بـادەر ، ئۆپێنهـایم ، زاخـاو و زۆری

دیكـە سـەردانی ئـەم شـوێنەیان كـردووە . دواتـر وەسپێكی

مەزاری شێخ ئادی دەکات و ژمارەی ئێزیدییەکان بە ١٥٠٠٠٠ کەس دادەنێ و هاوکات لە گەڵیشیدا باسێکی کورتی ئایین و بیروباوەڕی ئێزیدییەکان باسدەکات چەند وێنەیەکی جوانی پێدەشتی سفن عەینی ، گەڵکۆی ئێزیدییەکان ، پەرستگەی شێخ ئادی و دەروازەی پەرستگەکە تێدایە .

" Cheikh Adi , sanstuaire des Adorateurs du Diable " 533-j.Leroy , In Moines et Monasteres du Proche – Orient , Paris , Horizons de Ouvre , 1957,p.252-269.

**٦- سیاسی**

لە ساڵی ١٨٣٧ ڕەشید پاشای عوسمانی قەتڵوعامی ئێزیدییەکانی کرد و هەوڵیدا کولتووری یەزیدی بەتەواوەتی لەناو ببات .

س.ژ. لامێن : " گەشتێك بۆ ناو ئێزیدییەکان یان شەیتان پەرستەکان " نووسەری ساڵی ١٩٠٣ بەڕێگەی ئەسکەندرییە – حەلەب و لەویشەوە چۆتە ناو

ئێزیدییەکان . لە سوریا تەنها ٥٠٠٠ ئێزیدی ماونەتەوە و ژمارەی تێکرای ئێزیدییەکان بە ٥٠٠٠٠٠ کەس دادەنێ .

نووسەرچووەتە سەردانی پەرستگەی لالش و باسی کوشتارەکانی ئێزیدییەکان دەگێڕێتەوە بەدەست تورکەکان و دەگەڕێتەوە سەر مێژووی سەدەی حەقدەهەمی ئێزیدییەکان و باسی ئەوە دەکات کەوا بالوێزی لویسی چواردەهەم لە لای بابیعالی سەرەدانی حەلەبە کردووە و چاوی بەسەرۆکی ئێزیدییەکان کەوتووە و شەو بە نهێنی کۆبوونەتەوە و سەرۆکی ئێزیدییەکان پێی وتووە ئەگەر فرانسا سوریا داگیر بکات ئەوا ٥٠٠٠٠ ئێزیدی هاریکاریان دەکات .

Une visite aux Yezidis ou adorateurs du Diable " S.J. Lammens,- In Relations d'Orient , 1929,p,157-173."

نالیدە فۆکارۆ : ئیزیدیەکان : کوردەکانی دیکە ئەم کتێبە فوکارۆ، توژەرەوە لە ناوەندی لێکۆلینەوەی دیراساتی کەنداو لە زانکۆی Exeter لە بنەواندا بریتییە لە کارنامەی

دوکتۆرای نووسەر کە ساڵی ١٩٩٤ پێشکەش بە زانکۆی Durham University کراوە . ٣١ کتێبەکە دابەشی سەر پێشەکی وپێنج فەسڵی جیاواز کراوە . پێشەکی (لا:١-٨) فەسڵی یەکەم : خێل ، تایەفەو دەوڵەت (لا:٩-٣٩) لەم فەسڵەدا باسی چەمکی دوانەی خێل و ئایین دەکات و لەم روانگەیەوە هۆزی کورد ، ئایینی ئێزیدیاتی و ڕێکخستنی سیاسیی ئێزدی لە باکوری عیراق و سیاسەتی ریفۆرمخوازانەی عوسمانی لەبەرامبەر ئێزیدییەکان بە وردی شیدەکاتەوە . لە فەسڵی دووەم : کۆمیونیتە و هۆزەکان (لا:٤٠-٨١) لەم فەسڵەدا باسی کۆمیونیتەکانی کوردستان عێراق کراوە وەکوو مەسیحییەکان ، هۆزەکانی ئێزیدی وترادسیۆنی ئێزدیاتی پەیوەندیی ئێزیدییەکان لەگەڵ موسڵمانەکان و پەیوەندی نێوانیان و ناکۆکی لەسەر زەوی لە دەورانی ئینتیداب دا لە باسە سەرەکیەکانیەتی . فەسڵی سێیەم : دەورانی کۆلۆنیال (لا:٨٢-١٠٩). لەم فەسڵەدا باسی دەورانی کۆلۆنیالی

بريتـانی و حـوكمی كۆمينيتـەكان ، سياسـەتی خيلـەكی ا ٩
شـەنگالْ ، ئيـدارەی عێـراق و دەسـەلاتی خێلْـەكی بـەوردی
شـــيكراونەتەوە . فەســـلْی چـــوارەم : خێـــل ، ســـنوور و
دروسـتبوونی نەتـەوە (لا:١١٠-١٣١) لـەم فەسـلەدا باسـی
هێـزی ئاسمـانی بريتـانيی كێـشەی مووسلْ ، سنووری نێـوان
عێراق و سوريا ، سياسەتی ئەنگلۆ- فرەنسی وپێشێوييەكانی
كەوشـەنی نێـوان ئێزيـدی و بەدەوييـەكان بـاس دەكـات .
فەسـلْی پێنجـەم : شـەڕی نێـوان تـايەفـەكان و جۆشـدانی
سياسـيی (لا:١٣٢-١٦٥) لـەم فەسـلْەدا باسـی كەمينـە
نەتـەوەكان و كۆمەلْـەی گـەلان ، هەولْـدن بـۆ ڕێفـۆرمكردنی
ئـايينی ئێـزدی ، بـە سياسـيكردی كۆلۆنيـاليزم و نەتـەوەی
مەسـيحی وئێزدييـەكانی عێـراق دەكـات . دەرئـەنجام
(لا:١٦٦-١٧٠) پـەراوێزەكان (لا:١٧١-٢٠٧) بيليۆگرافيـا
(لا: ٢٠٨-٢٢١) .

Nelida Fuccario , The other Kurds : Yazidis in colonial, Iraq, London : I.B. Tauris , 1999 , (xiii,230p).

جـۆن . س . گیـسـت : ئێزیـدییـەکان : لێکۆڵینەوەیـەك لـە بەردەوامی ژیـان دا . یەکێکە لـەو لێکۆڵینـەوە زانستیانەی کە دەربـارەی ئێزیدییـەکان نووسـرابێ کتێبەکـە بریتییـە لـە پێشەکی و (١٣) فەسـڵی سـەربەخۆ. پێشەکی (لا:یـانزە-چـواردە ) فەسـڵی یەکـە: وەچـەکان (لا:١-١٤) . فەسـڵی دووەم : شـێخ ئـادی و تەرێقەکـەی (لا:١٥-٢٧)، فەسـڵی سـێیەم : ئـایینی ئێزیـدی (لا:٢٨-٤١) فەسـڵی چـوارەم: پەیوەنـدی گـرتن لـەگـەڵ جیهـانی دەرەوەدا (لا:٤٢-٥٨) فەسڵی پێنجـەم : زیندانییـەکانی سـەر پـاپۆرێکی نـوغرۆ بـو (لا:٥٩-٧٢) ، فەسـڵی شەشـەم مـسیۆنێر و دۆزەوەوە ئینگلیـزی - زمانـەکان ( لا:٧٣-٨١) ز، فەسـڵی حەوتـەم ڕاسام ولایـارد (لا:٨٢-١٠٢) . فەسڵی هەشتەم : میحنـەتی مـیر حوسـێن بـەگ (لا:١٠٣-١١٨) .. فەسـڵی نۆیـەم : عەبدولحمید و ئێزیدییـەکان (لا:١١٩-١٤٠) .. فەسڵی دەیەم : بلاوکردنـەوەی کتێبـە پیرۆزەکـان ( لا:١٤١-١٥٨) فەسـڵی یانزەهـەم : خوشـك و برایـەکان (لا:١٥٩-١٦٩) .. فەسـڵی

دوانزەهــەم : دەورانــی میــان خــاتوون (لا:١٧٠-١٨٦) ..
فەسڵی سێزدەهەم : ئێزیدییەکان ئەودییو قەوقاز (لا:١٨٧-١٩٦). پاشبار (لا:١٩٧-١٩٨) لە بەشی پاشکۆ دا کتێبەکە دوو پاشــکۆی بــە نــەرخی لەگــەڵ دایــە : ١- پیرۆزەکــانی ئێزیدییــەکان و لاواندنــەوەی شــێخ ئــادی . برێتییــە لــە وەرگێرانــی ئینگلیــزی تێکــستی هــەردوو کتێبــی پــیرۆزی ئێزیدییــەکان ( مەســحەفا ڕەش وجیلــوە ) و لاواندەنــەوەی شێخ ئـادی (لا:١٩٩-٢٠٦).. ٢- دەقی ئەو نامانەی کە بۆ سـەدری ئـەعزەم و سێر ستراتفۆرد کـانینگ نووسـراون (لا: ٢٠٧-٢١٠) پــەراوێزەکان (لا:٢١٣-٢٥٠). بیبلیۆگرافیـــا (لا:٢٥١-٢٨٢). و جگـە لـەوە کتێبەکـە کۆمـەڵێك وێنـە زۆر نایاب و مێژوویی ئێزیدییەکانی لەگەڵ دایە .

A study in survival , London : New :628-john S.Guest, The Yezidis York L KPI. 1987, (xviii,299p)30 .

ت. ژیلبێرت " تیبینی دەربارەی تایەفەکانی لە کوردستان دا" وتـارێکی کورتــە لــە بــارەی تایەفــە و ئایننزایــەکانی

کوردســـتـــان وەك : قزلبـــاش ( كلاۆســـورەكان ) ، ئێزيـــدی و بابييـەكـان ( دانيـشتوانی چـەند گونـدێکی هـەكاری لـەنيوان باشـقـەلاٚ و قوتـووولـه نزيـك سـنووری تركيـا- ئێـران ) دواتـر نووســـەر دەنووســـی لـــەناو چـــيايەكانی كوردســـتـــان ادا هۆزگـەلێك هـەن كـه سـەرلەبەريان درەختـی سـەدان سـاڵەی دارسـتـانەكانيان دەپەرسـتن و پەرسـتگەيەك هەيـە كـه لـە كۆمەلێك بەردی گەورە دروستكراوە و بـه دۆلێن يـان مـونهير دەچێ دەيپەرستن .


In journal " Note sur les Sectes dans le Kurdistan " T.GILBERT, Asiatique VIIeme serie , Tom II , 1873 , p . 393-395.

سەرچاوە :

ئـەم دوو بیبلیۆگرافیایـەی خـوارەوە ، بەتـایبـەتی ئـەوەی (دکتورنەجاتی عبداللە)، کە بۆ ئـەم ئەلبوومە ڕاستەوخۆ سـوودمان لێ وەرگرتـووە و بـریتین لـە زیـاترلـە (٩٥٠) سەرچـاوە و کتێـب بـە زۆربـەی زمانـەکان - لـە کۆنـەوە تـا ناوەڕاسـتی ئـەم سـەدەیە - لـەبارەی دینـی ئێـزدی وئێزیدییـەکان ، رادەی بایەخـدانی ئەوروپاییـەکانمان بـۆ روون دەکاتەوە بە ئێزیدنیاسی .

- د. نـەجاتی عبـداللّە بیبلیۆگرافیـای کوردناسـی ، کـورد و کوردسـتان لـە سەرچـاوە فرەنـسییەکاندا ، بڵاوکراوەکانی ئەکادمییای کوردی ، هەولێر:٢٠٠٩ز
- گورگیس عواد : المراجع عن اليزيديه ، مجله المشرق ، مجلد ٦٣،بيروت :١٩٦٩ , ص٦٧٢-٧١٩..

# ئەلبوومی وێنە




**لالش سەدەی (١٨)**



*General view of the Yezidi Sanctuary at Lalish in 1850*

**هێڵکاریی باگەری ئینگلیز سەرەتای سەدەی (١٩)**



گومبەزی شێخ ئادی



جل و بەرگ ومیعماری ئێزیدی ١٧٩٨




Yezidi Cawals

هەموو زیکر و کۆڕێکی دینیی ئێزیدییەکان، مۆسیقای لە گەڵە یان ئاوازی هەیە دەگوترا (قەووال)




A Group of Yezidis

ئەتنۆگرافیای ئێزیدی



Yezidi Dance at Sheikh Adi

سەمای ئێزیدییەکان لە نێزیك گومبەدی شێخ ئادی




FEMMES KURDE

جل و بەرگی ژنە ئێزیدی




عەرەبی موسڵمانی مووسڵ پەلامار دەدەنە ئێزیدییەکان سەدی (١٩)





Valley and Tomb of Sheikh Adi

میعماری تایبەت و ڕەسەنی کوردی لە (لالش)



Izedi Tomb.

لالش سەدەی (١٨)



Interior of a Yezidi House at Bukra, in the Sinjar

Sincar bölgesindeki Bukra'da bir Yezidi evinin içi / Hundirê maleke êzidî li Bukrayê mintiqa Sincarê

*[ Austen Henry Layard: **Discoveries in the Ruins of Nineveh and Babylon**...; London - 1853 ]*

**هۆنەری تەلارسازی لە (بوکرا)ی سنجار سالی ١٨٥٣**



Şeyh Adi Türbesi'nin kapısında Êzidi Kürt Hatun Xatûneka Kurd a Êzidî li ber dergehê gora Şêx Adî

**سیمبولّی (مار) له بەردەرگایی گۆری شێخ ئادی، واته چی یه؟**



FAMINE IN WESTERN ASIA: RELIEF KITCHEN AT BITLIS, KURDISTAN

1877 Osmanlı - Rus Savaşı sonrası Batı Asya'da açlık Bitlis / Kürdistan'da yoksullar için aşevi / Piştî şer li Bitlisê xela


*[ Kaynak The Illustrated London News, 28 Ağustos 1880 ]*

**دوای شەڕك لە بەتلیس ١٨٨٠**




باژێری ئەرزرووم:


کە ئێزیدی زۆر لەوێ دەژیان پێش قەتلوعام کرانیان لە لایەن دەولەتی عوسمانی





**مەنارەی سینجار**



**ئێزیدییەکان لە کۆڕی زیکر و ئاهەنگە دینییەکاندا مۆسیقا بکار دێنن**




**پرسنگەی لالش**




سیمبوولی دینیی ئێزیدییەکان (تاووس)

(هنری بیندەر)



پرستگەها لالش ۱۹۷۰



HADJI'S HOUSE AT UREAH.

دەروازەی ماڵە ئێزیدییەك لە ئۆرفە

هۆنەری تەلارسازی و دیكۆر



**شاری (وان) کە ئێزیدی زۆر لەوێ هەبوون**

**لە سەدەی (١٨)**



نابینایەکی ئێزیدی تەمبوورژەن ١٨٢٠



Kurden von der Kriegerkaste vor einer Wohnung der Nestorianer

Silahlı Kürt askerleri bir Nesturi evinin önünde / Leşkerên çekdar yên kurd li pêşiya maleke nestûrî

*(L. C. Beck: **Die heutige Türkei**, Leipzig 1877 - 78)*

**دوو چەکدار لە بەردەم ماڵەکی نەستۆری**

**سالی ١٨٧٧**



- Bir Türk zaptiyesi (19. yüzyıl ), Moltke'den

جەندرمەیەکی ئێزیدی کوژی عۆسمانی



*Türkische Offiziere (Zeichnung von H. v. Moltke)*

**سەربازی تورك (عوسمانی) کە ئێزیدییان دەکوشت**



20. Yüzyıl başlarında Kafkasya'da bir Yezidi Kurt kızı

Keçeka Kurd ya Êzîdî i Kafkasyayê di destpêka sedsala 20an de

[Olga Moberg: *Bland Jasider*, Stockholm-1919]

## ژنە ئێزیدی



... Yezîdî kadın          li serî sedsala 20. cu jinên ...

## دوو ژنە ئێزیدی



ژن و پیاوێکی ئێزیدی سالی ١٨٢٠



Yezidi Kürt Miri Hüseyin Bey ve kardeşi Abdi Bey 1849 Yılında / Mîrê kurdên êzîdî Husên Beg û birayê wî Abdî Beg di sala 1849'an de

*[ John S. Guest: **The Yezidis**; Londra - New York, 1987 ]*

**میر حسێن بگ میری ئێزیدییەکان و عەبدی بگ، برای**

**سالی ١٨٤٩**



شێخ ناسر لە ساڵی ١٨٥٢




Yezidiler'in dini önderi Şeyh Nasır / Mezinê dinê êzîdiya şêx Nasir
( Austen Henry Layard *Discoveries in the Ruins of Nineveh and Babylon*.... London - 1853 )

# شێخ ناسر



en, Kurde, Tatar du Chir
d'Arm. ad. du diable. musulman ché

له ناوەراستدا کوردێکی ئێزیدی (ئەنترۆپۆلۆژی)



داروانێکی ئێزیدی، سەدی (١٨)



**ئێزیدی جەنگاوەر و کۆچەرن. هەر دەم توانای ئەوەیان هەیە دوژمنەکانی خۆیان تەفر و توونا بکەن، ڕاویان بنێن و شپرزەیان بکەن، پاشان بۆ خۆیان لە شوێنێکی دیکە پەیدا ببنەوە. سالی ١٨٥٣**



المؤرخ الكردي المعروف الامير شرفخان البدليسي

**ديرۆك نووسی كورد شەرفخانی بەدلیسی**

**سەدەی (١٦)**



ب. نیکیتین به فەرەنسی باسی ئێزیدییەکان کردووە




ژان باپتیست تاورنیه

J.B. Tavernier

**له سەدەی (١٧)**

**بە فەرەنسی لە پاریس باسی ئێزیدییەکان کردووە**





**پیەترۆ دێللا ڤاللا لە سەدەی (١٧) بە ئیتالی باسی ئێزیدییەکان کردووە**



آدام اولتاريوس

## ئادام ئولناريوس (رۆژهەلاتناس)



- 1) **Voyage en Perse, en Armenie, es Asie mineure et a Costantinople fait dans les annees 1808 et 1809**, Paris- 1813 ve 2) **Second Voyage en Perse, en Armenie et dans l'Asie mineure fait de 1810 a 1816**, Paris -1818 adlı seyahatnameleri daha sonra **"Reifen durch Persien in den Jahren 1808 bis 1816"** adıyla Almanya'da yayınlanan (Berlin-1985) **James Justinian Morier** (1780-1849).

## (جیمس مۆریە) ی ئینگلیز

## لە سەدەی (١٩) باسی ئێزیدییەکان کردووە




شواليه شاردن

**بەفەرەنسی لە ١٧٣٥ باسی ئێزیدییەکان کردووە**



**پۆشكين**

**شاعیری رووسیای سەدەی (١٩) باسی ئێزیدییەكان كردووە**

# RELATION DV VOYAGE D'ADAM OLEARIVS

## EN MOSCOVIE, TARTARIE, ET PERSE,


AVGMENTEE EN CETTE NOVVELLE EDITION
de plus d'vn tiers, & particulierement d'vne seconde Partie

CONTENANT LE VOYAGE DE

## IEAN ALBERT DE MANDELSLO
AVX INDES ORIENTALES.

*Traduit de l'Allemand par A. de* WICQVEFORT, *Resident de Brandebourg.*

TOME PREMIER.




A PARIS,
Chez IEAN DV PVIS, ruë S. Iacques, à la Couronne d'or.

M. DC. LXVI.
*AVEC PRIVILEGE DV ROY.*

ACQUISITIONS N° 597

Br. 8° 346 18

# KIRCHEN UND MOSCHEEN

## IN ARMENIEN UND KURDISTAN

VON DER KÖNIGLICH SÄCHSISCHEN TECHNISCHEN HOCHSCHULE ZU DRESDEN

ZUR

ERLANGUNG DER WÜRDE EINES DOKTOR-INGENIEURS

GENEHMIGTE DISSERTATION

VORGELEGT VON

WALTER BACHMANN

REFERENT: GEH. HOFRAT PROFESSOR DDr. GURLITT

KORREFERENT: PROF. Dr. ROBERT BRUCK

ECOLE NATIONALE DES LANGUES ORIENTALES VIVANTES

DON 71.835

LEIPZIG
DRUCK VON AUGUST PRIES
1913



1852

THE

# Nestorians and their Rituals:

WITH THE NARRATIVE OF

A MISSION TO MESOPOTAMIA AND COORDISTAN

IN 1842-1844,

AND OF A

LATE VISIT TO THOSE COUNTRIES IN 1850;

ALSO,

RESEARCHES INTO THE PRESENT CONDITION OF THE SYRIAN JACOBITES,
PAPAL SYRIANS, AND CHALDEANS, AND AN INQUIRY INTO
THE RELIGIOUS TENETS OF THE YEZEEDEES.

BY THE

REV. GEORGE PERCY BADGER,

[illegible]

VOLUME I.

LONDON:
JOSEPH MASTERS, ALDERSGATE STREET,
AND NEW BOND STREET.
MDCCCLII.

1852



Helmuth von Moltke als
Lieutenant im Leibregiment
(Selbstbildnis)

GEN. III. 23515

Helmuth v. Moltke

# Unter dem Halbmond

Erlebnisse in der alten Türkei
1835-1839



Mit 51 Abbildungen

THE

# Nestorians and their Rituals:

WITH THE NARRATIVE OF

A MISSION TO MESOPOTAMIA AND COORDISTAN

IN 1842-1844,

AND OF A

LATE VISIT TO THOSE COUNTRIES IN 1850;

ALSO,

RESEARCHES INTO THE PRESENT CONDITION OF THE SYRIAN JACOBITES, PAPAL SYRIANS, AND CHALDEANS, AND AN INQUIRY INTO THE RELIGIOUS TENETS OF THE YEZEEDEES.

BY THE

REV. GEORGE PERCY BADGER,

One of the Honourable East India Company's Chaplains in the Diocese of Bombay.

VOLUME I.

LONDON:
JOSEPH MASTERS, ALDERSGATE STREET,
AND NEW BOND STREET.
MDCCCLII.

1852


# J. B. Tavernier

# Les six voyages en Turquie & en Perse


II




FM / La Découverte





هێرشەکانی ئیسلام بۆ سەر کوردستان بۆ بە موسڵمان کردنی کورد




سەفەرەکەی (تاڤێرنیێ) لە ساڵی ١٧١١ بە ناوچەگەری ئێزیدی نشینەکاندا


ALEP
RAQQA
TAYBA
RAHABA
ANAH
Euphrate
FALLUJA
AQARQU
MOSSOUL
HAMMAM ALI
Petit Zab
SULAIMANYA
TIKRIT
DAUR
SAMARRA
BAGHDAD
CTÉSIPHON
QASR-E-SHIRIN
SHAHABAD
SAHNEH
SANANDAJ
HAMADAN
SAVEH
SABZIABAD
ABHAR
KHOWNSAR
Qareh Su
Tigre
KARBALA
BABYLON
HILLA
KUFA
UKHAIDIR
NAJAF
Gharaf
SHATRA
MANSURITEH
MAJARR AL-KEBIR
AMARA
AL UZAYR
QURNA
MA'QIL
BASRA
Karun
DEZFUL
SHUSHTAR
AHWAZ
RAMUZ
KHUZISTAN
KHALAFABAD

IV


KURDISTAN

وێنە و نیگار و تابلۆیەکانی ئەم ئەلبوومە، لەم سەرچاوانە وەرگیراون:


- Henry Binder: Au Kurdistan, (Paris: 1887).
- Ch. Chardin: Voyage, (Amstrdam:1735).
- P.De Tournefort: Relation d'un Voyage, (Paris:1717).
- G.P. Badger: The Nestoriens, (London:1852).
- Helmuth V. moltke: Unter dem Halbmand, (Germany:1835).
- Rich: Narrative of a residence, (London:1836).
- Jams Morier: A second iourney, (London:1818).
- Racinet: Costumes historiques, (Paris:1888).
- E. Reclus: Nouvelle Geo, (Paris:1879).

# Les Yazidiens
## Vus Par Les OrientaListes

ئێزیدییەکان سەبارەت بەوەی کە دین
و دابی دێرینی کوردستان لەناو ئەواندا
پارێزراوە، وێنەیەکی بچووککراوەی
ڕۆحیاتی ڕابردووی نەتەوەی کوردن..
وەك لەناو ئەم ئەلبوومەدا دەبینین لە
رووانگەی ڕۆژهەلاتناسەکانەوە.

د.فەرهاد پیرباڵ

Dr. Ferhad Pirpal

دهۆك
2011